Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.1002

# وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا

**سالار فائق مجید**

زانکۆی گەرمیان، کۆلێجی زانست، بەشی زانستی کۆمپیوتەر

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted: February ,2019

***Keywords***

وەرگرتنی وشە ، فەرهەنگ ، زمانی ئاخاوتن ، کاریگەری زمان.

***Corresponding Author***

salar.faeq@garmian.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە کە بۆ (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا)ی دایە، هەوڵیداوە بەپێی ڕێبازی وەسفی پەسەنی، هۆکارەکانی کاریگەری و پەیوەندی نێوان زمانە جیاوازەکان بخاتەڕوو و پاشان تیشك خراوەتە سەر جۆر وشێوازی ئەو وشە ئینگلیزیانەی کەهاتوونەتە ناوزمانی کوردیەوە.

تەوەری یەکەم باسێکی تیۆرییە بەناونیشانی (پەیوەندی و کاریگەری لەنێوان زمانەکان) و تێیدا تیشک خراوەتە سەر گرنگترین هۆکارەکانی وەرگرتن و بەخشینی وشە و زاراوە لەنێوان زمانەکان. هەروەها تەوەری دووەم، بەناونیشانی (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا)یە و لەسێ باس پێکدێت،بەم شێوەیە، یەکەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەڕووی جیاوازی و لێکچوون لەدەبڕیندا. دووەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە لەبەرامبەریاندا وشەی کوردی هەیە. سێیەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە زمانناس و ڕۆشنبیرانی کورد بەکاری دەهێنن. لەکۆتاییدا ئەو ئەنجامانەمان خشتووەتەڕوو، کە توێژینەوەکە بەدەستی هێناون.

## پێشەکی

زمانی ئینگیزی وەکو زمانێکی جیهانی، کاریگەری لەسەر زمانی زۆربەی نەتەوەکانی جیهاندا جێهێشتووە، زمانی کوردیش وەکو زۆربەی زمانە جیهانییەکان لەم کاریگەرییە بەدەر نییە، ئەوەی جێگەی تێبینیکردنە کە ڕۆژ بەڕۆژ بەکارهێنانی وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان لەزمانی ڕۆژانەی تاکی کورددا ڕووی لەهەڵکشانە، ئەم دیاردەیەش لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 بەدواوە و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی بەڕووی دونیادا زیادی کردووە، بەتایبەتی پاش گرنگی پێدان و خوێندنی بابەتی ئینگلیزی لە خوێندنگەکان، لەگەڵ بوونی کۆمەڵێك هۆکاری دیکە، وەکو هۆکاری سیاسی، ئابووری، تەکنەلۆژی و کۆمەڵایەتی. دیاردەی وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی بەدەر نییە لەزیان و قازانج بۆ سەر زمانی کوردی، لەم سۆنگەیەشەوە ناونیشانی توێژینەوەکەمان دەستنیشان کردووە. کە بریتییە لە (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا).

## گرنگی توێژینەوەکە

کەمی توێژینەوەی ئەکادیمی پێویست دەربارەی وەرگرتن و هاتنە ناوەوەی وشە ئینگلیزییەکان بۆ ناو فەرهەنگ و زمانی ئاخاوتنی کوردییەوە، هەروەها دەرخستنی تایبەتمەندیی وشەی ئینگلیزی بەکارهاتوو لەناو زمانی کوردیدا.

کەرەستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:

بەمەبەستی بەئەنجام گەیاندنی توێژینەوەکە، پشت بە ڕێبازی وەسفیی پەسنی بەستراوە، سەبارەت بەو وشەو زاراوە ئینگلیزیانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە.

## سنووری توێژینەوەکە

بریتییە لەدەستنیشان کردنی جۆر و تایبەتمەندی ئەو وشە ئینگلیزییانەی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، بەشێوە زاری کرمانجی خوارووی.

توێژینەوەکە لەپێشەکییەك و دوو تەوەر پێکدێت:

تەوەری یەکەم باسێکی تیۆرییە بەناونیشانی (پەیوەندی و کاریگەری لەنێوان زمانەکان) و تێیدا تیشک خراوەتە سەر گرنگترین هۆکارەکانی وەرگرتن و بەخشینی وشە و زاراوە لەنێوان زمانەکان. هەروەها تەوەری دووەم، بەناونیشانی (وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا)یە و لەسێ باس پێکدێت، بەم شێوەیە، یەکەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەڕووی جیاوازی و لێکچوون لەدەبڕیندا. دووەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە لەبەرامبەریاندا وشەی کوردی هەیە. سێیەم: وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە زمانناس و ڕۆشنبیرانی کورد بەکاری دەهێنن. لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجامەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

### تەوەری یەکەم/ پەیوەندی وکاریگەری نێوان زمانەکان

زمان لەسادەترین پێناسەدا هۆکارێکە بۆ پەیوەندیکردن و لێك تێگەیشتنی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ، واتە زمان ئامرازێکە بەمەبەستی گەیاندنی پەیامی هزری، یاخود بۆ ڕاییکردنی کاروباری ڕۆژانە لەلایەن خەڵکەوە بەکاردەهێنرێت، لەم ڕووەوە سەلام ناوخۆش دەڵێت: )زمان گرنگترین ئامێری پەیوەندی و لەیەکتر تێ گەیشتنی ئادەمیزادە (زمان نەك تەنیا لەم پڕۆسەی پەیوەندی و کارلێکەدا بەشدار بووە و پشکی خۆی هەبووە، بەڵکو گەورەترین هۆکاری پەیوەندی بەستن و گواستنەوەی کاریگەرییەکە بووە، لەو سۆنگەیەوە کە دیاریترین و بەربڵاوترین پێناسە بۆ ((زمان)) بریتییە لەوەی کە هۆکارێکە بۆ لێکتێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان، لە پێناو دەربڕینی مەبەست و ئامانجەکانیان یان گەیاندنی خواست و داواکانیان بەیەکتر. بە گوزارشتێکی دیکە: سەرجەم جۆری پەیوەندییە جیاوازەکان بەزۆری لە ڕێگەی زمانەوە بەهۆی گوزارشتکردنە زمانییەکانەوە بووە، لەنموونەی پەیوەندییە بازرگانی و سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان.

مرۆڤ بۆخۆی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، خۆشی لەگۆشەگیریی نایەت، هەر بۆیە دەبینین بە تێپەڕبوونی ڕۆژگار توانیویەتی خێزان و پاشان گوند و دواتریش شار دروست بکات و، بەمەش کۆمەڵگای گەورە و مەزن پێکەوە بنێت، کە هەر کۆمەڵە خاوەن تایبەتمەندیی کلتوریی خۆی بێت ، بەتایبەتی زمان و چۆنێتی بەکارهێنانی کە لەدیارترین ڕەگەزە کلتورییەکان هەژمار دەکرێت، هەر لەم سۆنگەیەشەوە نەتەوە جیاوازەکان دروست بوون هەروەکو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، کە دەفەرموێ: ((وجعلناكم شعوباً وقبائل لتعارفوا)) هەروەها دەفەرموێت (ومن آياته خلق السماوات والأرض واختلاف ألسنتكم وألوانكم) کەواتە خەڵکانێك لەسەر گۆی زەوی دەژین کە جیاوازی زمان وای لێکردوون کە لەکۆمەڵە گەل و نەتەوەی جیاواز پێکبێن، جا ئەو نەتەوانەی لەسەر زەوی دەژین، چ لەڕووی ئامادەگییان لە نێو ڕووداوە مێژووییەکاندا، واتە ئەو ڕیشاڵانەی هەر نەتەوەیەك دەبەستنەوە بە بنکی مێژووەوە و گەواهی دێرینی بوونی هەر نەتەوەیەك پشت ڕاست دەکەنەوە، چ لەڕووی باڵا دەستیی و پێگەی سیاسی و هەژموونی دەسەڵاتەوە لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا جیاوازییان هەیە، هەندێکیان باڵادەستی ئاینیان هەیە و هەندێکی تریان باڵادەستی سیاسی تەنانەت ڕەگەزیش، ئەم هۆکارانەش وایکردووە ، گەشەی جیاواز لەنێو زمانەکاندا بەرهەم بێت، بەوەی هەندێك زمان فەرهەنگی زمانەکەیان لەزمانێکی تر دەوڵەمەندتر بێت، لەلایەکی ترەوە کۆمەڵێك هۆکار بوون بەمایەی ئەوەی زمانەکان کاریگەری لەسەر یەك دروست بکەن، بەجۆرێك ((لەسەر ئەم زەوییەدا زمانی هیچ نەتەوایەك نییە وشە لەزمانێك یان لەچەند زمانێکی بێگانەوە وەرنەگرێت)) ، چۆنێتی وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ ناو هەر زمانێك بە پێی چەند هەنگاوێك دەبێت، لە قۆناغی یەکەمدا ((وشەی بیانی لەلایەن دەستەیەکی کەم و بچووکی خەڵکەوە بەکاردێت، لەقۆناغی دووەمدا، ئەو وشانە داخوازی و بەکارهێنانیان فراوانتر دەبێت، لەقۆناغی کۆتاییشدا، وشەکان بڵاودەبنەوە و دەبن بەپێویستی ڕۆژانە و لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بەکاردەهێنرێن، بەجۆرێك فۆرم و شێوەی وشە ڕەسەنەکانی نێو زمانی دایك وەردەگرن)) ،بەمەش جۆرێك لەپەیوەندی لەنێوان ئەو دوو زمانە دروست ببێت، لێرەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر گرنگترین ئەو هۆکارانە:

یەکەم/ هۆکاری خزمایەتی

هۆکاری خزمایەتیش جۆراو جۆرە وەك:

١. وەرگرتنی وشە و زاراوە لە ئەو زمانانەی کە دەچنەوە سەر یەك ڕەچەڵەك و خێزانی زمانەوانی ، بۆ نمونە لەنێوان زمانی کوردی و زمانی فارسیدا بەهۆی خزمایەتی و لەیەکتر نزیکییانەوە لە ڕووی پێگەی جوگرافییەوە، بەئاسانی وشە و زاراوەکان ئاڵوگۆڕیان پێوەکراوە، بۆیە دەبینین کە (ڕۆشن، دۆست ، زبان ، ژمارە هتد) وشە گەلێکن لەهەردوو زمانی کوردی و فارسی بەکاردەهێنرێن،

وشەی (ڕۆشن) لە وشەی (ڕۆشنبیر)دا لەزمانی کوردیدا بەکاردەهێنرێت، چونکە زمانی کوردی و زمانی فارسی سەر بە کۆمەڵەی زمانە ئێرانیەکانن و لقێکن لەکۆمەڵی ڕۆژهەڵاتی زمانی هیندۆ ئەوروپی ، جگە لەهۆکاری خزمایەتی، زمانی کوردی پەیوەندیی دراوسێیەتی لەگەڵ زمانی فارسیدا هەیە، لە کاتێکدا ((زمانێك کە دراوسێی زمانێکی تربێت، شتێکی ئاشکرایە، قسەکەرانیان، ئەو پەیوەندییانەی کە لەئەنجامی تێکەڵ بوونیان بەیەکتری لەنێوانیاندا، کۆنتاکت دروست دەبێت لەناوخۆیاندا وشەش کە دەربڕی ئەو پەیوەندیانەن، ئاڵوگۆڕبکەن))

٢. کاریگەری لەئاستی دەربڕینی دەنگی و گۆکردنی وشەکاندا، واتا لە ناو کۆمەڵێك زماندا هاوبەشی و لێکچوون لەشێواز و چۆنێتی دەربڕینی دەنگەکاندا بەدی دەکرێت، بۆنمونە لەپێکهاتەی فۆنۆلۆژییدا جیاوازی بەدی دەکرێت لەنێوان دەنگەکانی زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چونکە سەر بە دوو خێزانی زمانی جیاوان بەتایبەتی لەڕووی دەربڕینی بەشێك لە دەنگەکاندا بۆ نمونە هەریەك لە پیتەکانی /ص/، /ث/، /ض/، /ط/، / ظ /، هەن، بەڵام لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا بەکارناهێنرێن، هەروەها بە پێچەوانەوە هەریەك لە پیتەکانی /پ/، /چ/، /گ/، /ڤ/، لە زمانی کوردیدا هەن و لە ڕێنووسی زمانی عەرەبی بەکار ناهێنرێن، ((زمانەوانەکان لەو باوەڕەدان کەدەنگەکانی زمانێکی بێگانە لەبۆتەی پێڕوەی زمانی دایکەوە دەبیسترێن، بەواتاکی تر منداڵێکی کورد فێری عەرەبی دەکرێت لە سەرەتادا دەنگی (ث) هەروەك دەنگی (س) دێتەگوێ و جییان ناکاتەوە)) ، هەربۆیە دەبینین کاتێك وشەیەك لەزمانی عەرەبییەوە دێتە ناو زمانی کوردی، ((ئەگەرلە وشە عەرەبیەکەدا دەنگێك هەبووبێ کەلەگەڵ یاسای فۆنەتیکی زمانی کوردیدا ڕێکنەکەوتبێ ئەوە گۆڕانێکی بەسەرداهێنراوە)) ، واتا وشە وەرگیراوەکە زۆرجار دەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەنگسازی زمانی کوردیەوە، وەك لە وشەی (ظالم) کە، هاتووەتە ناو زمانی کوردییەوە، بە (زاڵم) بەرجەستە دەکرێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازی دەنگەکانە لەنێوان هەردوو زمانەکەدا. حاڵەتی گۆڕانی دەنگەکان لەنێوان ئەو زمانانەی کەسەر بەیەك خێزانی زمانەوانین کەمترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەنزیکایەتی لەنێوان دەنگەکانی ئەو دوو زمانەدا هەیە، چونکە شێوازی دەربڕینیان نامۆ نین بەقسەپێکەرانی هەردوو زمانەکە، بۆ نموونە وشەی (Jungle) لەڕێگەی فەرهەنگ و وێژەی زمانی ئینگلیزییەوە هاتۆتە ناو زمانی کوردیەوە، بەڵام وشەکە بەحوکمی ئەوەی دەنگەکانی بە خوێنەری کورد نامۆ نین ، بۆیە (جەنگەڵ) سیمای وشەیەکی کوردی وەرگرتووە و بەئەستەم کوردێك دەتوانێت هەست بەوە بکات کە ئەم وشەیە ئینگلیزییە، بەتایبەتی پاش تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەر وەرگرتنی وشەکە، چونکە (زمانی کوردی و زمانی ئینگلیزی سەر بەو بنەماڵەیەن کە بەهیندۆ ئەوروپی ناسراون) لەکاتێکدا، هەموو کوردێك بەئاسانی درك بەوە دەکات کە وشەی (غابە) وشەیەکی کوردی نییە. بەو پێیەی پیتی (غ) لەبنەڕەتدا کوردی نییەو لەبەرئەوە لای کورد زمانان بەئاسانی گۆناکرێت و جۆرێك لە نامۆ بوونی لەمڕووەوە پێوە دیارە، لەم سۆنگەیەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەر وشەیەك لە زمانێکی سەر بە هەمان ڕەچەڵەکی زمانی کوردی بێتە ناو زمانەکەمانەوە بەپێی تێپەڕبوونی کات وشەکە فۆرمێکی فۆنۆلۆژی کوردیی وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی دەستکاری فۆنۆلۆژی وشەکەیش بکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە بۆ زمانی عەرەبی بەبێ دەستکاریکردن لەئاستی فۆنۆلۆژی نەگونجاوە، بۆ نموونە وشەی (حەج) ئەگەرچی لەگەڵ ئیسلامبوونی کوردەوە لەزمانەکەمان بەکاردەهێنرێت، بەڵام ئێمە بەئاسانی دەزانین وشەکە عەرەبییە. لێرەوە باسەکە بەوە کۆتایی پێدەهێنین، کە بوونی ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە زمانی جیاواز و، نەبوونی تاکە زمانێك بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی، سەرنجی مرۆڤی ڕاکێشاوە و بیری خەریك کردووە .

**دووەم/ هۆکاری ئاینی**

لەبەرئەوەی زۆربەی زۆری نەتەوەکان خاوەن بیروباوەڕی ئاینیین، هەر بۆیە ئاین یەکێکە لەکۆڵەکە گرنگەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هەرنەتەوەیەك، بگرە ئاین ((لەهەموو کۆمەڵگایەکدا کاریگەری و دەسەڵاتی بەرچاویان هەیە، پیاوە ئاینییەکان لە نەست و یادەوەری کۆمەڵگای ئێمەدا پێشینەیەکی باشیان هەیە، تاکە ئامێری گەیاندنی مەبەستەکانی ئەم دەسەڵاتەش، زمانە)) ، بەشێك لە ئاینە کاریگەرەکان خاوەنی دەقی نوسراو و پەڕاوی تایبەت بەخۆیانن کە بە زمانی دیاریکراوی نەتەوەیەك نووسراونەتەوە، واتە ((کتێب و نووسراوە ئاسمانییەکان هەریەکەیان بەزمانێکی جیاواز نووسراون )) ، بۆنموونە ئاینی ئیسلام کە ئاینێکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی دابەزیوە،خاوەنی پەڕاوێکی پیرۆزی وەك قورئانەو ، بە زمانی عەرەبی نووسراوەتەوە. هەرچەندە زمانی بەکارهاتو لە (قورئان)ی پیرۆزدا زمانی عەرەبییە، بەڵام دەیان نەتەوەی سەر زەوی هەن، وەکو کورد، فارس، تورك،...هتد ،کە عەرەب نین و هەڵگری بیروباوەری ئیسلامن و، لە پێناو ئەنجامدانی سرووت و پەرستشە ئاینییەکان و تێگەیشتن لە بنەمای ئاین و قورئانی پیرۆز، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەریەککەوتنیان لەگەڵ زمانی عەرەبی دا، بۆ دروست دەبێت لێرەشەوە زمانی عەرەبی بەشێك لە کاریگەری و هەژموونی خۆی بەسەرزمانانەکانی دیکەدا جێدەهێڵێت،

لەو نێوەندەدا، کوردیش هاوشێوەی تەواوی نەتەوەکانی تر، لە کاتی ئەنجامدانی ڕێو ڕەسم و نزا، پەرستش و ئەرکە ئاینییەکاند،

په‌نا بۆ به‌كارهێنانی ده‌یان وشه‌ی زمانی عه‌ره‌بی ده‌بات، وه‌ك (زه‌كات، حه‌ج، عه‌مره‌، ته‌یه‌موم، دوعا، ئیعتیكاف، سه‌رفتره‌و ، قنوت و ، تسبیحات و ، خێر و شه‌ڕو .. هتد). هه‌روه‌ها ئاینی مه‌سیحی به‌زمانی (یۆنانی كۆن)� له‌چوارچێوه‌ی كتێبێكدا به‌ناوی (په‌رتوكی پیرۆز) نووسراوه‌ته‌وه. دیاره به‌شێك له‌كورد ئه‌گه‌رچی كه‌مینه‌ش بن هه‌ڵگری بیروباوه‌ڕی مه‌سیحین، ئه‌مه‌ش وای كردووه به‌شێك له‌زاراوه تایبه‌تییه‌كانی ئه‌و ئاینه بێنه نێو زمانی كوردییه‌وه، وه‌كو (پاپا)، كاردیناڵ (كه‌له كڵێسای كاتۆلیكی ڕۆمانیدا پله‌یه‌كی به‌رزی قه‌شه‌یه)

**سێیه‌م/ ڕاگه‌یاندن و ته‌كنه‌لۆجیا**

هه‌موو زمانه‌كانی سه‌ر زه‌وی، كه‌م تا زۆر به‌پێی پێویستی و،له‌ پێناوی ڕاییكردنی كاره‌كانی رۆژانه‌یاندا پێویستیان به وشه‌ی بێگانه ده‌بێت، هیچ زمانێك توانستی ئه‌وه‌ی نییه، به ته‌نها خۆی وه‌ڵامی گۆڕانكارییه خێراكانی ژیان و سه‌رده‌مه‌كه‌ی بداته‌وه و، كه‌ره‌سته و زاراوه‌ی تایبه‌ت به ته‌واوی بواره‌كان و پێداویستییه‌كانی دابین بكات، به‌تایبه‌تی له سه‌روه‌ختی ئێستادا، كه به‌سه‌رده‌می جیهانیبوون و، تێكشكاندنی سنوره سیاسیه ده‌ستكرده‌كان ناسراوه، له‌م نێوه‌نده‌شدا زمانی ئینگلیزی بووه به‌زمانێكی نیمچه فه‌رمی بواره‌جیاجیاكانی ته‌كنه‌لۆژیا، له‌م ڕووه‌یشه‌وه ((وشه‌و وزاراوه‌ی ئینگلیزی زمانی كوردیشی گرتووه‌ته‌وه، له‌ماوه‌یه‌كی كورتی ته‌كنه‌لۆجیای نوێ وه‌ك كۆمپیوته‌ر و ئه‌نته‌رنێت و مۆبایل، ده‌یان وشه، هاتوونه‌ته ناو فه‌رهه‌نگی زمانه‌كه‌كه‌مانه‌و كه‌وتوونه‌ته، سه‌ر زار و زمانی خه‌ڵكی، به‌تایبه‌تی ڕۆشنبیران و له‌ناو ئه‌وانیشدا، چینی لاو و گه‌نج)) ، بۆیه ده‌كرێت زانست و ته‌كنه‌لۆجیا به‌یه‌كێك له‌هۆكاره سه‌ره‌كییه‌كانی پشت گۆڕانكاریی له زمان و گواستنه‌وه‌ی وشه‌كانی دابنرێت، به‌تایبه‌تی تۆڕه‌كانی ئینته‌رنێت و له‌ناویشیاندا تۆڕه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانی وه‌ك فه‌یس بووك و تویته‌ر...هتد، كه‌ڕۆڵیكی گرنگیان هه‌یه له‌خواستنی وشه و زاراوه‌ی بیانی له زمانه‌كانی تره‌وه . هه‌ر بۆیه چه‌ندین وشه و زاراوه له‌ڕێی ته‌كنه‌لۆجیاوه هاتوونه‌ته نێو زمانی كوردییه‌وه، كه له ڕابردودا و پێش چه‌ند سالێك له‌مه‌وبه‌ر به‌كارنه‌ده‌هێنران، یان زۆربه ده‌گمه‌ن ده‌بینران، وه‌كو (چات ، لایك ، فه‌یسبووك، ئاد، بلۆككردن، تاگ...هتد) له نموونه‌ی دیاری ئه‌و زاراوه نوێیانه‌ن.

ئه‌و وڵاتانه‌ی پێشكه‌وتوون و گرنگی به‌سیاسه‌تی زمانی خۆیان ده‌ده‌ن ، ده‌توانن تاڕاده‌یه‌ك به ئاراسته‌ی به‌رژه‌وه‌ندی زمانه‌كه‌ی خۆیان و ، كه‌مكردنه‌وه‌ی كاریگه‌ری جیهانگیریی و هه‌ژموونی زمانه‌كانی دیكه، هه‌نگاو هه‌ڵبگرن و، زمانه‌كه‌یان بپارێزن، به‌ڵام سه‌باره‌ت به زمانی كوردی جۆرێكی تره، چونكه ئێستا ته‌كنه‌ولۆجیا له بوارێكی فراوانتردا به‌كارده‌هێندرێ و ، زمانی ئاماژه كه خۆی له وێنه‌ی واتادار و هێما و گوزارشته به‌كارهاتووه باوه‌كانی نێو ئه‌و بواره ده‌بینێته‌وه، جێگه‌ی زمانی ئاسایی گرتوه‌ته‌وه و ته‌نگی به به‌كارهێنانی زمان و ده‌ربڕینی رۆژانه له نێو ئه‌و كایه ئه‌لیكترۆنییه‌دا پێهه‌ڵچنیوه، جا له‌به‌ر ئه‌وه‌ی كاركردن به ته‌كنه‌لۆجیا وبه‌كارهێنانی كۆمپیوته‌ر و فه‌یسبووك ...هتد پێویستیان به فێربوونی زمانی بێگانه هه‌یه به‌تایبه‌تی ئینگلیزی، ئه‌مه‌ش كاریگه‌ری ڕاسته‌وخۆی له‌سه‌ر زمانی دایك ده‌بێت و لاوازی ده‌كات.

سه‌ره‌ڕای ئه‌وانه‌ش ده‌بینین سروشتی به‌كارهێنانی زمانی كوردی له‌چاو سالآنی ڕابردوودا گۆڕاوه، چونكه له ئێستادا زۆر به‌فراوانی ئامێره‌كانی ته‌كنه‌لۆجیا بۆ په‌یوه‌ندی كردن به‌كارده‌هێندرێن، به‌وێنه له‌و نامه نووسراوانه‌ی كه له ڕێگه‌ی تۆڕه كۆمه‌ڵایه‌تییه‌كانه‌وه ده‌نووسرێن، زۆر جار ڕه‌چاوی تایبه‌تمه‌ندیی زمانی نووسین و ڕێنووس و ئه‌لفوبێ ناكرێت، هه‌ندێ جار (هێما) جێگه‌ی وشه‌كان ده‌گرێته‌وه، بۆ نموونه هیمای (hhh) بۆ پێكه‌نین. ، هه‌روه‌ها زانست و به‌رهه‌مه زانستییه‌كان وه‌ك به‌شێك له‌ته‌كنه‌لۆجیا چه‌ندین وشه و ده‌سته‌واژه‌ی خستووه‌ته ناو فه‌رهه‌نگی زمانه‌كان، له‌كاتێكدا ئه‌و وشه و ده‌سته‌واژانه سه‌ر به‌یه‌كێك له‌زمانه بیانییه‌كانن، سه‌باره‌ت به‌زمانی كوردی ((ئه‌و وشه و زاراوه زانستییه بیانیانه‌ی هه‌ن و له‌كوردیدا به‌رانبه‌ریان نییه، وه‌كو خۆیان به‌كاریان ده‌هێنینه‌وه، وه‌ك ترانسسته‌ر، رادێته‌ر، كامێرا، ڤۆڵت، لیتر...هتد)) . هه‌روه‌ها به‌شێك له‌و وشه بیانیانه ده‌كه‌ونه ژێر كاریگه‌ری یاساكانی ده‌نگسازی (فۆنه‌تیك)ی زمانی كوردییه‌وه، وه‌ك (ته‌له‌فزوێن، ته‌له‌فوون، ته‌یاره، كتێب...هت)

له‌ڕۆژگاری ئه‌مڕۆماندا چۆنێتی ژیان له‌سایه‌ی پێشكه‌وتنه‌كانی بواری ته‌كنه‌لۆجیا گۆڕانكاری و به‌ره‌وپێشچوونی به‌رچاوی به‌خۆوه بینیوه، بارته‌قای ئه‌و گۆڕانه، زمانیش به‌ده‌ر نه‌بووه له‌خۆ نوێكردنه‌وه، له‌و نێوه‌نده‌یشدا زمان زۆرجار پشت به زمانی ده‌ره‌كی، یاخود زمانی جیهانی ده‌به‌ستێت، واته وه‌رگرتنی زاراوه‌ی جیهانی ((سوود به‌فه‌رهه‌نگی زمانه‌كه‌مان ده‌گه‌یه‌نێت و ده‌وڵه‌مه‌ندی ده‌كات، له‌به‌ر ئه‌وه، ئێمه ناتوانین باس له‌پێشكه‌وتن و زانسته‌كانی سه‌رده‌م نه‌كه‌ین، چونكه زاراوه‌ی پێویست بۆ ئه‌و بابه‌تانه له زمانه‌كه‌ماندا ده‌ست ناكه‌وێ)) ، به واتایه‌كی دیكه ده‌ستكورتیمان له ئاست ئه‌و لێشاوه به‌ربڵاوه‌ی ته‌كنه‌لۆجیاو پێشكه‌وتنی هه‌مه‌لایه‌نه‌ی زانستی سه‌رده‌مدا و بێتواناییمان له دۆزینه‌وه‌ی زاراوه و ده‌ربڕینی گونجاو ناچار به په‌نا بردن به ئه‌و زاراوانه‌مان ده‌كات، به‌مه‌ش ئه‌وه‌مان بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه له‌سایه‌ی به‌روپێشچوونی ته‌كنه‌لۆجیادا وشه و زاراوه‌ی ده‌ره‌كی ئاوێته‌ی زۆربه‌ی زمانه جیهانییه‌كان و هه‌رێمایه‌تییه‌كان ده‌بێت.

**چوارەم/ ڕۆشنبیری و فێربوون**

لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیاندا لەلایەن دەسەڵات و تاکەوە گرنگیدان بەلایەنی ڕۆشنبیری و فێربوون، بایەخی زیاتری پێدراوە. لەدوای دەرکەوتنی چاپخانە و چاپەمەنییەکان لەساڵی( 1436) لەئەوروپادا وردە وردە خوێندنەوە و فێربوون بوون بە بەشێك لە خەمی گشتی، پاشان لە قۆناغی گەشەسەندنی پیشەسازی و سەردەمی زانست لە ((سەدەی نۆزدەیەمدا زانا و ئەدەیبان بۆ داهێنانە پیشەسازی و دیاردە زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پەنایان بردە بەر بەکارهێنانی وشەی نوێ ، هەروەها بۆ گوزارشتکردن لەهەندێك چەمکی تایبەت بە جیهانی ئەدەب و فەسەفە، نووسینەکانیان پڕکرد لەو وشە دروستکراوە تازانە)) ، کەواتە لەگەڵ گۆڕانی ژینگەی کۆمەڵایەتی و کلتوریی دا زمان بەرگێکی نوێ دەپۆشێت.

مەعریفە بەکایەی ڕۆشنبیریشەوە ، دابەش دەبێت بۆ دوو قۆناغ، قۆناغی یەکەم بریتییە لەسەردەمی کۆن کە تیایدا ڕۆژهەڵات خاوەنی مەعریفە و ڕۆشنبیری تایبەت بە خۆی بووە، هەروەها، ڕۆژئاوایش بەهەمان شێوە خاوەنی مەعریفە و ڕۆشنبیری خۆی بووە، کە لەهەردوو بەشەکەدا مەعریفە و زانیاری لەئاستێکی چەقبەستوودا بووە، قۆناغی دووەم بریتییە لەسەردەمی نوێ، ئەم مێژووەیش تا ڕادەیەك لەدەستپێکی سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستپێدەکات، ئەگەرچی ڕەگ و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕێنسانس (سەدەی 15-16) و دواتر سەردەمی ڕۆشنگەری (سەدەی 17)، لەم قۆناغە بەدواوە مەعریفە و ڕۆشنبیری بوو بە دیاردەیەکی جیهانی، (زمان) یش کەوتە ژێر کاریگەری و داهێنانە فرەلایەنەکانی گەلانی ڕۆژئاواوە، چونکە هەر دیاردە و کەرەستەیەکی تازە لەبواری زانستە جۆربەجۆرەکان بەرهەم هێنرابن، لەڕووی زمانەوە پێویستی بەناولێنان و داتاشینی وشە بووە، بەحوکمی ئەوەی لە قۆناغی دووەمدا داهێنانەکان لەڕۆژئاواوە دەرکەوتوون، بۆیە بۆ ناو لێنانیان پشت بە زمانە ئەوروپییەکان بەگشتی و ئینگلیزی بەتایبەتی بەستراوە، بۆیە لەم قۆناغە بەدواوە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان گۆڕانی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی و لەچارەکی یەکەمی سەدەی بیستەمیشدا ئەو گۆڕانکارییانە گەیشتنە گەلانی ڕۆژهەڵات، بەوردبوونەوە لەزمانی کوردی دەبینین، دوابەدوای جەنگی جیهانی یەکەم، زمانەکەمان گەشەیەکی خێرا و فراوانی بەخۆیەوەبینی، چونکە ((زمان لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵ ڕۆژ بە ڕۆژ پێشدەکەوێت))

کاریگەریی ڕۆشنبیری بەهۆکارێکی گرنگ هەژماردەکرێ، کەلەڕێیەوە وشە و زاراوە لەنێوان زمانە جیاوازەکان ئاڵوگۆڕدەکرێت و بەهۆیانەوە کەلێن و کەموکورتییەکانی زمانی نەتەوایەتی پێ پڕدەکرێتەوە و فەرهەنگیشی پێدەوڵەمەند دەکرێت، کەواتە ((پەیوەندی ڕۆشنبیری بەهێزی نێوان دوو میللەتی زمان جیاواز، هۆیەکی ترە بۆ تێکەڵاوبونی وشەی زمانان)) ، ئەم پەیوەندییە هەندێکجار دوولایەنە دەبێت، واتە دوو زمانی جیاواز پەیوەندی و کاریگەری ڕۆشنبیری لەنێوانیان دروست دەبێت، هەروەها زۆرجار زمانێك کە خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی مەعریفەو ڕۆشنبیرییە کاریگەری لەسەر زمانێکی دیکە بەجێدەهێڵت، لەنموونەی کاریگەریی ڕۆشنبیریی ئینگلیزی بەسەر زمانەکانی دیکەوە.

**پێنجەم/ هۆکاری بازرگانی:**

ئاڵوگۆڕی بازرگانی هۆکارێکی گرنگە بۆ کرانەوە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا جیاوازەکان بەڕووی یەکتردا، لەم نێوەندەشدا زمان بەدەر نییە، لەکردەی وەرگرتن و بەخشینی وشە و زاراوەی کۆن و نوێ. جوڵەی بازرگانی و جموجوڵی ئابووری هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە لەنێو نەتەوە جیاوازەکاندا بوونی هەبووە و لەڕۆژگاری ئەمڕۆیشمان کردەکە گەیشتووەتە لوتکە، ئەمەش وای کردووە لەم ڕێگەیەوە وشە و زاراوەی بیانی بچێتە ناو زۆربەی زمانەکانەوە. لەزمانی کوردیدا ((وشەکانی (سپۆنسەر، دۆلار، یۆرۆ، بزنس ،تمەن...) چەندین وشەی دیکە، لەکوردیدا نوێن و لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابوورییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی و فەرهەنگەکەیان دەوڵەمەندتر کردووە)) ، ئەمە جگە لەوەی کە پرۆسەی بازرگانیکردن لەخودی خۆیدا جۆرێکە لەگەشتکردن گەرچی مەبەستەکە تێیدا لەبنەڕەتدا گەشتکردن نییە، سروشتی پرۆسەی گەشت و گەشتیاریش بەچەشنێکە کە وشە جیاوازەکانی ناو کەلتورەکە ئەگەری گواستنەوەیان بۆ ناو یەکتر بۆ دروستدەبێت، گەر ئەو بازرگانییە بەردەوام بێت، دیارە کاریگەرییەکە زیاتر لەو زمانەوە دەگوازرێتەوە کە خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و فەرهەنگی باڵادەستی کەلتورییە.

**شەشەم/ هۆکاری سیاسی**

زۆرجار دەرەنجامی باڵادەستیی سیاسیی نەتەوەیەك وادەکات ئەو نەتەوەیە پێگەیی زمانەکەیشی هێز و کاریگەری زیاتری هەبێت، بەگەڕانەوە بۆ مێژووی کورد، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نەتەوەی کورد خاوەنی قەوارە و دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆ نەبووە، ئەمەش وای کردووە زمانەکەیشی جۆرێك لە پەراوێز بوون لەتەك خۆیدا هەڵبگرێت، لە دەرەنجامی ئەوەشدا زۆرێك لەئەدیب و نوسەرانی کورد بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتی ساسییەوە ناچاربوون پەنا بۆ زمانەکانی دیکە ببەن بۆ ئەوەی بەرهەمی فیکری و مەعریفی خۆیانی پێ بلاّوبکەنەوە، وەکو (یەشار کەمال)، (سەلیم بەرەکات)...هتد، لەلایەکی دیکەوە ئەو زمانەی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی نییە بەپێچەوانەوە لەزمانە دەسەڵاتدارەکانەوە وشە و زاراوە وەردەگرێت، لەم ڕووەوە (بلۆمفێلد) دەڵێت: (زمانی

ژێردەستە و لاوەکی هەمیشە وشە وەردەگرێت لەزمانی سەرەکی و زاڵ) ، نەتەوەی کورد هەر لەکۆنەوە تا ئێستا خاوەن دەسەڵاتێکی سیاسی تۆکمە و سەربەخۆی ئەوتۆ نەبووە کە بتوانێت لەسەر پێی خۆی بوەستێت و، نەبێتە پەراوێزی زلهێزە هەرێمی نێودەوڵەتییەکان، ئەوە جگە لەوەی هیچ لەو دەسەڵاتە خۆجێی و میرایەتیانەی سەرپێی ختسوون ئەوەندەیان لەباردا نەبووە ، بۆ چەند دەیەیەك درێژە بە مانەی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بدەن، هەر ئەمەش وای کردووە زمانی کوردی لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا زیانی بەر بکەوێت و، بەشێك لە وشە و زاراوەکانی لەدەست بدات، کە ئەمەش پێویستی بە توێژینەوە و ساغکردنەوەی زیاترە.

زۆرجار داگیرکردنی ولاّتێك لەلایەن ولاّتێکی ترەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی کاریکاتە سەر دانیشتوانی و هەندێ وشە و زاراوەی خۆی بخاتە نێو فەرهەنگی زمانی ولاّتە داگیرکراوەکە، یان هەردوو زمانەکە دەتوانن وشە لەیەکترییەوە وەربگرن. کەواتە بەهۆی داگیرکارییەوە ئاڵوگۆڕ و بەریەککەوتنی کلتوری لە نێویشیدا کاریگەری زمان و خواستنی وشە لەنێوان زمانی نەتەوەی داگیرکەرو زمانی نەتەوەی داگیرکراو ڕوودەدات.

بە وردبوونەوە لە مێژووی دەسەلاّتی سیاسی ئینگلستان ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو نەتەوەیە بەدرێژایی مێژوو نەتەوەیەکی خاوەن دەسەلاّتی سیاسی فراوان بووە، بەجۆرێك ئینگلیزەکان لەمێژوودا بە داگیرکەر دەناسرێنەوە و دەسەلاّتەکەشیان بە ئەو ئیمپراتۆرییەتە ناسراو بووە کە خۆر تێیدا ئاوا نابێت، هەر ئەمەش وای کردووە کە زمانی ئینگلیزی ببێت بەخاوەن توانا و هێزێکی کاریگەری ئەوتۆ کە زۆرێك لە ولاّتانی جیهان بە ڕێژەیەکی بەرز پشت بەزمانی ئینگلیزی ببەستن، هاوشێوەی ولاّتی هیندستان و ولاّتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا..هتد، هەروەها زۆرێك لە ولاّتانی دیکە لەکێبڕکێدان بۆ پشت بەستن بەو زمانە، بەنەتەوەی کوردیشەوە، ئەمەش وای کردووە زمانی ئینگلیزی ببێت بە زمانێکی جیهانی، لەم ڕووەوە کریستالأ دەڵێت: ((نزیکەی چواریەکی دانیشتوانی گۆی زەوی زمانی ئینگلیزی بەڕەوانی دەزانن، یان شارەزای ئینگلیزین، هیچ زمانێك ناتوانێت کێبڕکێی لەگەڵدا بکات، تەنانەت زمانی چینیش ئەو پێشبڕکێیەی پێناکرێت)) ، بەپێچەوانەشەوە نەتەوەی کورد لەبەر ئەوەی هەمیشە خاکەکەی لەلایەن نەتەوەکانی دیکەوە داگیرکراوە، هەربۆیە ئەگەر چاوێك بە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بگێڕین ئەو وشانە کەم نین کە لەلایەن دەسەڵاتەکانی فارس و تورك و عەرەبەوە هاتونەتە ناو زمانەکەمانەوە.

**تەوەری دووەم/ وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لە زمانی کوردیدا:**

بەکارهێنانی وشەی بیانی لەلایەن زمانی دووەمەوە، پێی دەوترێت (وەرگرتن)، ئەم پرۆسەیە هەموو زمانێك دەگرێتەوە، ((هەموو زمانەکان وشە لەیەکتر وەردەگرن، ئەمەش دیاردەیەکی زمانەوانییە و دەدرێتە پاڵ پەیوەندیکردن و نزیکێتی و هاوسێتی)) ، کەواتە زمان داخراو نییە و هەموو زمانەکان بەدەر نین لە وەرگرتن و بەخشینی وشە، کە هۆکارەکەی پەیوەندیکردن و هاوسنوری ئەو نەتەوانەن کە خاوەن زمانی جیاوازن، بەم پێیە وەرگرتن ((دیاردەیەکی زمانیی هاوبەشە، مەحاڵە زمانێك یان شێوەزارێك بەدەربێت لە دیاردەی وەرگرتن تاوەکو قسە پێکەرانی پەیوەندی و بەریەکەوتنی زمانیان هەبێت لەگەڵ زمانێکی دیکە یان شێوە زارێکی دیکەدا)) ، بەم شێوەیە زمان بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و پێداویستییەکانی پشت بە دیاردەی وەرگرتن دەبەستێت.

ماریۆ پی (Mario pei) پێیوایە وەرگرتن ((پرۆسەیەکە تیاییدا زمانێك زاراوە و گوزارشت یاخوود دەنگ و شێوەی ڕێزمانی لە زمانێکی دیکەدا هەڵدەمژێت و دەیگونجێنێت لە بەکارهێناندا)) ، زمانی کوردی وەکو زۆربەی زمانەکانی تر بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی فەرهەنگی و کەلێنی زمانەکەی خۆی، لەپێناو دۆزینەوەی دەربڕین و زاراوەی گونجاو پشتی بەوشەی بیانی بەستووە، لەو نێوەندەیشدا زمانی ئینگلیزی یەکێکە لەو زمانانەی بەشێك لە وشەکانی هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، چونکە ((زمانی ئینگلیزی سەرچاوەو هۆکارێکی زیندووی گرنگە، بۆ پەیوەندی لەنێوان ملیۆنەها خەڵك لەسەرتاسەری جیهاندا)) .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو هۆکارانەی لەتەوەری یەکەمی توێژینەوەکەدا تیشکمان خستنەسەر، پۆلێنی وشە بەکارهاتووە ئینگلیزییەکان لە زمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو:

یەکەم/ وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لە ڕووی جیاوازی و لێکچوون لە دەربڕیندا:

زمانی هەر نەتەوەیەک بۆ خۆی تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەتایبەتی لەڕووی دەنگسازییەوە، تەنانەت ئەم دیاردەیە لەنێو شێوە زارەکانی خودی یەك زمانیشدا بەدی دەکرێت، بۆیە دەبینین کاتێك وشەی زمانێکی بێگانە دێتە ناو زمانێکی دیکەوە، ئەوە وشە وەرگیراوەکە بەم شێوەیە دەردەبڕێت، یەکەم: وشەکە بەبێ گۆڕانکاری لەئاستی دەنگسازیدا وەکو خۆی بەکاردەهێنرێت. دووەم: وشەکە لە ئاستی دەنگسازیدا گۆڕانی بەسەردا دێت لە کاتی بەکارهێنانەدا، لەم سۆنگەیەوە ئەم باسە، وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان لەزمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو:

١/ دەربڕینی وشەکان بە بێ دەسکاری (وەکو خۆی):

زمانی نەتەوایەتی ناتوانێت بەربەست بێت لەبەردەم هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی، واتە ((زمانێکی نەتەوایەتی نییە وشە لە زمانێك یان چەن زمانێك وەرنەگرێت، بۆیە ڕێگای وەرگرتن یەکێکە لە ڕێگاکانی لەدایك بوون و سازکردنی وشە)) ، بەواتایەکی دیکە هیچ زمانێك داخراو نییە، بەڵکو لەگەڵ بەرەپێشچوونی کۆمەڵدا زمانیش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و دێت، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا دیاردەی کرانەوەی زمانی نەتەوایی چووەتە قۆناغێکی نوێوەو لەسایەی ڕەهەندەکانی بەجیهانیبوونەوە ئاگایی چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵك بەرز بووەتەوە، ئەمەش وای کردووە بەشێك لە قسەپێکەرانی زمانی کوردی ڕوو لە بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزی بکەن و وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان لە ڕووی دەربڕینەوە بەبێ دەستکاری بەکاربهێنن، یان بەشێوەیەکی نیمچە ڕەها کۆپی وشە ڕەسەنەکە بەکاربهێنن، چونکە شێوازی وەرگرتنی وشەکە ڕاستەخۆ لە زمانە ڕەسەنەکە وەردەگیرێ، بەڵام پێش فەراهەمبوونی تەکنەلۆجیا بەم شێوازە ئاسانەی ئەمڕۆ، زمانی کوردی راستەوخۆ وشەی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرنەدەگرت، بەڵکو لەڕێی زمانە هەرێمایەتییەکانەوە وەریدەگرت، هەربۆیە گۆڕانکاری لەئاستی دەنگسازی وشەکان دروست دەبوو. وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێنەوە:

| وشە ئینگلیزییەکان | دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بەئینگلیزی (English transcription) | دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بەکوردی |
|---|---|---|
| team | /tiːm/ | تیم |
| Group | /ɡruːp/ | گروپ |
| chance | /tʃɑːns/ | چانس (شانس) |
| Staff | /stɑːf/ | ستاف |
| Taxi | /ˈtæk.si/ | تەکسی |
| C.D | /ˌsiːˈdiː/ | سی دی |
| Laptop | /ˈlæp.tɒp/ | لاپ تۆپ |
| Email | /ˈiː.meɪl/ | ئیمێڵ |
| Block | /blɒk/ | بلۆک |
| Facebook | /ˈfeɪs.bʊk/ | فەیسبوک |
| copy | /ˈkɒp.i/ | کۆپی |
| Feedback | /ˈfiːd.bæk/ | فیدباک |
| Mall | /mɔːl/ | مۆڵ |
| Media | /ˈmiː.di.ə/ | میدیا |
| Band | /bænd/ | باند |
| chat | /tʃæt/ | چات |
| offside | /ˌɒfˈsaɪd/ | ئۆفسایڊ |
| bank | /bæŋk/ | بانک |
| passport | /ˈpɑːs.pɔːt/ | پاسپۆرت |
| Drama | /ˈdrɑː.mə/ | دراما |
| workshop | /wɜːk.ʃɒpˈ/ | وۆرکشۆپ |

٢ /دەربڕینی وشەکان بەپێی فۆنۆلۆژی زمانی بۆ وەرگیراو:

زۆرجار زمانێك وشە لەزمانێکی دیکە وەردەگرێت، کەچی وشەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ناگوازێتەوە، بەڵکو گۆڕانکاری بەسەردا دێنێت کە لەگەڵ بونیادە زمانییەکەیدا بسازێت. ئەمەش زۆرجار بۆ جیاوازی یاسا دەنگسازییەکانی خودی دوو زمانەکە دەگەڕێتەوە، دیاردەی دەستکاریکردنی لایەنی دەنگسازی وشە وەرگیراوەکان بەشێوەیەکی بەرفراون لەلایەن قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە بەکار دەهێنرێت، واتە بە مەبەستی گونجاندنی لەگەڵ یاساکانی دەنگسازی زمانی کوردیدا هەندێك لە دەنگەکانی وشە ئینگلیزییە وەرگیراوەکان دەگۆڕێن.

لەبەر ئەوەی ڕێنووسی زمانی کوردی مێژوویەکی تازەی هەیە، هەربۆیە جیاوازییەکی کەمتر لەنێوان زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتندا بەدی دەکرێت، لەچاو زمانی ئینگلیزیدا، ئەمەش هۆکارێکە بۆ گۆڕینی هەندێك دەنگی وشە ئینگلیزییەکان ، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێت:

| وشە ئینگلیزییەکان | دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بەئینگلیزی (English transcription) | دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بە کوردی |
|---|---|---|
| Television | /ˈtel.ɪ.vɪʒ.ən/ | تەلەڤزیۆن |
| Telephone | /ˈtel.ɪ.fəʊn/ | تەلەفۆن |
| chocolate | /ˈtʃɒk.lət/ | چکلێت |
| seminar | /ˈsem.ɪ.nɑːr/ | سیمینار |
| cafeteria | /ˌkæf.əˈtɪə.ri.ə/ | کافتریا |
| Professor | /prəˈfes.ər/ | پرۆفسیۆر |
| Bicycle | /ˈbaɪ.sɪ.kəl/ | پاسکیل |
| Collage | /ˈkɒl.ɑːʒ/ | کۆلێج/کۆلێژ |
| Profile | /ˈprəʊ.faɪl/ | پرۆفایل |
| Folklore | /ˈfəʊk.lɔːr/ | فۆلکلۆر |
| Cartoon | /kɑːˈtuːn/ | کارتۆن |
| modern | /ˈmɒd.ən/ | مۆدێرن |
| Terror | /ˈter.ər/ | تیرۆر |
| Computer | /kəmˈpjuː.tər/ | کۆمپیوتەر |
| Actor | /ˈæk.tər/ | ئەکتەر |
| control | /kənˈtrəʊl/ | کۆنترۆڵ |
| Radar | /ˈreɪ.dɑːr/ | ڕادار |
| Course | /kɔːs/ | کۆرس |
| Budget | /ˈbʌdʒ.ɪt/ | بوجە |

| | | |
|---|---|---|
| Data | /ˈdeɪ.tə/ | داتا |
| System | /ˈsɪs.təm/ | سیستەم |
| Cinema | /ˈsɪn.ə.mə/ | سینەما |
| shampoo | /ʃæmˈpuː/ | شامپۆ |
| supermarket | /suː.pəˌmɑː.kɪtˈ/ | سوپەرمارکێت |

**دووەم/** وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە لەبەرامبەریاندا وشەی کوردی هەیە:

ئەگەر تەماشای زمانی کوردی بکەین دەیان وشەی ئینگلیزی و زمانانی تر دەبینین کە لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکانەوە بەکار دەهێنرێن. ((زۆرجار زمانی نووسین وشەگەلێك لەزمانەکانی دیکەوە دەخوازێت کەلە دەقە بنەڕەتییەکەی خۆیدا هاوشێوەییان هەیە)).

زمانی ئینگلیزی بووە بە زمانێکی کاریگەر و، بگرە بەرەو ئەوەیش دەچێت ببێت بە پێویستییەکی بەردەوام، بە جۆرێك ((وەرگرتنی زاراوەی بێگانە پێویستییەکی سروشتییە لەباری کۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبیری و زانستەوە هەڵدەقوڵێت)) ، بۆ نموونە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا بەشێك لەکۆمپانیاکان زانینی زمانی ئینگلیزییان کردووە بە مەرجی دامەزراندن، ئەمە جگە لە کردنەوەی چەندین قوتابخانە و خوێندنگە و ناوەندی فێربوون، لەهەرێمی کوردستان کە خوێندن تیایاندا بە زمانی ئینگلیزییە و هەروەها مەرجی وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ بەدەستهێنانی بروانامەکانی ماستەرو دکتۆرا پەیوەستکراون بە هەبوونی توانای لێوەشاوەیی لە زانینی زمانی ئینگلیزیدا. هەموو ئەم هۆکارانە و چەند پاڵنەرێکی دیکە وای کردووە لە هەرێمی کوردستان خواست لەسەر فێربوونی زمای ئینگلیزی زیاد بکات بە جۆرێك دەیان ناوەند و دەزگای فێربوون بۆ ئەم مەبەستە بکرێنەوە، ئەمەش رێگای خۆش کردووە بۆ ئەوەی چەندین وشە دزە بکاتە سەر زار و نێو زمانی ئاخاوتنی رۆژانەی خەڵك، چونکە ((زمانیش بۆ خۆی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە بەدەم بەرەو پێشچوونی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتییەوە پەیدا دەبێت)) . وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان رۆژ دوای رۆژ بەکارهێنانیان لەنێو زمانی ئاخاوتنی خەڵکی روو لەهەڵکشان دەکات، وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینرێنەوە:

| وشە ئینگلیزییەکان | واتای وشە ئینگلیزییەکان لە زمانی کوردیدا | دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بە کوردی |
|---|---|---|
| Restaurant | چێشتخانە | ریستۆرانت |
| Hotel | میوانخانە | هوتێل، ئوتێل |
| Media | دەزگای راگەیاندن | میدیا |
| Toilet | سەرئاو، ئاودەست | تواليێت |
| Balance | هاوسەنگی ، یەکە | باڵانس |
| Data | زانیاری ژمارەیی | داتا |
| Power | هێز | پاوەر |
| File | پەڕگە | فایل |
| Code | پەڕلە | کۆد |
| Positive | باشە (ئەرێنی) | پۆزەتیڤ |
| Negative | خراپە (نەرێنی) | نێگەتیڤ |
| Massage | شێلان | مەساج |
| Automatic | خۆکردەیی، خودکار | ئۆتۆماتیک |
| Message | نامە | مەسج |
| Game | یاری ، وازی | گەیم |
| Original | رەسەن | ئۆرجیناڵ |
| Quality | دڵنیایی جۆری | کوالێتی |
| Active | چالاک | ئاکتیڤ |
| Account | هەژمار | ئەکاونت |
| Double | دوو ئەوەندە | دەبڵ |
| Level | ئاست | لیڤڵ |
| Local | خۆجێی | لۆکاڵ |
| Memory | بیرگە، یادگە | میمۆری |
| Record | تۆمارکردن | ریکۆرد |

**سێیەم/** وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان، کە زمانناس و رۆشنبیرانی کورد بەکاریدەهێنن

بەشێك لەو وشە ئینگلیزییانەی کە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە، لەناو ئاخاوتنی خەڵکی ئاسایی بەکارناهێنرێن، بەڵکو لەلایەن (زمانناس ، توێژەرانی بواری زمان ، وەرگێڕ ، ئەدیب ، نوسەر ، کەسایەتییە رۆشنبیرەکان)ەوە هاوردەکراون و بەکاردەهێنرێن. ئەم دیاردەیەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە: زمانی کوردی لەرووی دەستەبەرکردنی زاراوەی گونجاو لە بوارە جیاجیاکانی توێژینەوەی زماندا دەوڵەمەند نییە و زۆربەی لێکۆڵەرانی زمانەکەمان پشت بەسەرچاوە بیانییەکان دەبەستن، ئەگەر چی لەرابردوودا توێژەرانی زمانی کوردی کەوتبوونە ژێر کاریگەری زمانی دراوسێکانەوە بەتایبەتی زمانی عەرەبی، بەڵام ((لە مێژووی نوێدا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا ژمارەی ئەو وشە عارەبیانە

کەمتر بوونەتەوە و کاریگەریان لە سەر ئەم زمانە سنووردارتر بووە بەتایبەتی لەناو ئەندامانی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ و رۆشنبیراندا)) ، بەڵام لە ئێستادا ئاراستەکە گۆڕاوە بۆ بەکارهێنانی وشەی زمانی ئینگلیزی. ، بەمەش ((زۆربەی زاراوەکان لەفەلسەفە و دەروونزانی و زانستی سروشتی و پزیشکی...هتد، مۆرکێکی نیودەوڵەتیان بەبەرداکراوە)) ، بەواتایەکی دیکە بەشێك لەزاراوە و وشەکانی سەردەمی نوێ کەبەرهەمی گەلانی ئەوروپیین، خۆیان سەپاندووە بەسەر زمانەکانی دیکەوە، بەزمانی کوردیشەوە، لەلایەکی دیکەوە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی ئینگلیزی لەلایەن زمانناسەکانەوە بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کە لەزمانی کوردیدا دەزگایەکی فەرهەنگی تۆکمە بەدی ناکرێت کە کاری داتاشین و ئامادەکردنی زاراوەی نوێی بێت بەرامبەر ئەو وشە نوێیانەی دێنە ئاراوە یاخود ئەو ئامێرو کەرەستانەی دێنە دەقەرەکەوە، هەروەها ((نەبوونی وشە و زاراوە بۆ ئامێری داهێنراوی تازە هۆی دواکەوتووی پیشەسازییە لەلای کورد لەچاو میللەتە پێشکەوتووەکانی جیهان کە لە بواری جۆربەجۆری پیشەسازیدا سەرکەوتوون، دەنا هیچ زمانێکی جیهان نرخی لە زمانی میلەتێکی تر زیاتر نییە)) ئەمەش وا ئەکات هەندێجار بۆ خۆ دوور خستنەوە لە رەخنە و هەروەها نەپێکانی مەبەست لەرێی وشە کوردییەکانەوە پسپۆرانی بوارە جیاوازەکان پشت بە وشە و زاراوە ئینگلیزییەکان ببەستن. بۆنمونە: ئەگەر بڕوانینە ئەو وشە ئینگلیزیانەی خوارەوە، کە لەبەرامبەریاندا وشەی کوردی هەیە بەم شێوەیە:

| دەربڕینی وشە ئینگلیزییەکان بە کوردی | وشە کوردییەکان | وشە ئینگلیزییەکان |
| --- | --- | --- |
| میتۆد | ڕێباز، شێواز، ڕێگا | Method |
| ئارگومێنت | بەڵگە هێنانەوە، بەڵگەسازی | Argument |
| کاتەگۆری | هاوپۆلەکان | Category |
| فریز | گرێ | phrase |
| جێندەر | ڕەگەز | gender |
| سۆسیۆلۆجی | کۆمەڵناسی | Sociology |
| ریسك | مەترسی | Risk |
| ئەبستراکت | پوختە ، کورتە | Abstract |
| میتافۆر | خوازە ، خواستن | Metaphor |
| دیفاکتۆ | داکەوت | De facto |
| کۆنتێکست | دەوروبەر ، ناوکۆ | context |
| ئەکسێنت | شێوازی دەربڕینی ئاخاوتن | Accent |
| تابۆ | قەدەغەکراو | Taboo |
| ئەڵتەرناتیف | جێگرەوە | Alternative |
| ئیکۆنۆمی | ئابوری | Economy |
| کۆنسنەنت | نەبزوێن | consonant |
| ڤاوڵ | بزوێن | Vowel |
| ریفۆرم | چاکسازی | Reform |
| سێرچ | گەڕان ، پشکنین | Search |
| دایەلۆگ | گفتوگۆ | dialogue |
| دۆکومێنت | بەڵگەنامە | Document |
| ئینسکلۆپیدیا | زانیارینامە | Encyclopedia |
| کۆنگرە | کۆبوونەوەی گشتی | congress |
| سیمپۆزیۆم | گفتوگۆی هاوڕێیانە | symposium |

دەکرێت وەرگرتنی زاراوەکان لەزمانی ئینگلیزییەوە بەهۆی ئاگایی زمانناسەکانەوە بێت، چونکە بەلایانەوە زیاتر پێکانی چەمك و واتاکان گرنگ بن، هەروەها زمانی ئینگلیزی زمانێکی هەژموونداره و جیهانییە، ئەم دیاردەیە نەك لە زمانی کوردی بەڵکو لەزۆرێك لەزمانەکانی دیکەشدا بەدی دەکرێت، لەبەر چەند هۆکارێك:

١ .چونکە زمانی ئینگلیزی زمانێکی باڵایە و زمانی رۆشنبیری و زانستە، هەربۆیە لەنێو هەموو زمانە جیهانییەکاندا خواست لەسەر بەکارهێنانیان هەیە و بەردەوام خواستەکەش روو لەهەڵکشانە، هەربۆیە بەشێك لەخوێندەواران و رۆشنبیرانی کورد ئارەزوومەندی دەکەن لەسەر بەکارهێنانی زاراوە و وشەی ئینگلیزی، ئەم دیاردەیەش لەئەدەبی کلاسیکی کوردیدا بەدی دەکرێت کە چۆن بەشێك لەشاعیرانمان وشەی (عەرەبی و فارسی و تورکی) یان لە دەقەکانیان بەکاردەهێنا.

٢ .هۆکارو پاڵنەری ئەم زیادەڕەویکردنەش بریتییە لە دیاردەی چاولێکەری، واتە بەکارهێنانی وشەی ئینگلیزی بۆتە مۆدێل، ئەمەش بۆ پێگەی زمانی ئینگلیزی دەگەڕێتەوە هاوشێوەی ئەم دیاردەیە ((پێگەی بەرزی رۆشنبیری فەرەنسی لەنێو چینی باڵای رووسیای قەیسەری درکی پێدەکرا، بۆیە بەلایانەوە ئاسایی بوو بە فەرەنسی قسە بکەن لە جیاتی رووسی ((

٣ .لەبری ئەوەی زمانێك زاراوەی نوێ داہێنێت زۆر ئاسانترە بۆی کە زاراوە لە زمانێکی ترەوە وەربگرێت .

٤ .خاڵێکی دیکەی گرنگ لەم نێوەندەدا جۆرێك لە پاڵنەری ناسیۆنالیستانەیە، کە لە ڕەتکردنەوەی زمانی عەرەبی و مامەڵەکردن لەگەڵیدا وەك زمانی نەتەوەیەکی داگیرکەری خۆسەپێن، ئەمەش ((وەك کاردانەوەیەك بۆ مامەڵەکردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی عارەب لەگەڵ کوردا بەهێزتر بوو)) واتە مامەڵەکردنێکی سیاسیی ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ زماندا، لەکاتێکدا کە زمان بەرلە هەرشتێك بابەتێکی کەلتورییە.

٥ .پاڵنەری سەرەکی بۆ وەرگرتن بریتییە لە پێویستی بوون لە دۆزینەوەی گوزارشت بۆ بابەتی نوێ، چەمکی نوێ و ناوی نوێ .

بەهۆی سەربەخۆبوونی نیمچەڕەهای دەسەڵاتی سیاسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وای کردووە وردە وردە نووسەران و ئاخێوەرانی زمانی کوردی دوور بکەونەوە لە هەژموونی زمانی دراوسێ ، لەبەرامبەریشدا مەیل و ئارەزوو بۆ وەرگرتنی وشە و زاراوە، چ لەلایەن دەسەڵاتی سیاسییەوە بێت، یان خەڵکەوە بێت زیاتر پارسەنگ بۆتەوە بۆلای زمانی ئینگلیزی.

## ئەنجام

لەکۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١ .زمانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو کەوتۆتە ژێر هەژموونی زمانی ئینگلیزییەوە، چ لەبواری گشتی و، چ لەبواری تایبەتیدا بێت وشەوزاراوەگەلێکی زۆری ئینگلیزی هاتۆتە نێو زمانی کوردییەوە.

٢ .هاتنی ئەم هەموو ژمارە زۆرەی وشەی ئینگلیزی بۆ ناو زمانی کوردی لەلایەکەوە دەبێتە مایەی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی، لەلایەکی تریشەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی مەعریفیی لۆکاڵی و ئاسۆکانی گەشەپێدانی زمانی کوردی دەبێت، بەتایبەتی کە ئاراستەی فەرمی و نافەرمی بەرەو جێگیرکردنی زیاتری زمانی ئینگلیزییە لەبوارە گشتییەکاندا.

٣ .بەشێک لەئاخێوەرانی کورد ئارەزوومەندن وشە ئینگلیزییە بەکارهاتووەکان وەک ئەوەی کە ئاسانە لەسەر زاریان دەریببڕن، نەک بەشێوازە ڕەسەنەکەی وەکو (تەلەفزیۆن)، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر فێربوونی زمانی ئینگلیزی لەپرۆسەی خوێندندا.

٤ .بەشێک لەو وشانەی لەزمانی ئینگلیزییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردی، لەبنچینەدا بۆ هەمان واتا وشەی کوردی ڕەسەن لەناو فەرهەنگی زمانی کوردیدا بوونی هەیە، وەکو (ئۆرجیناڵ)، بەڵام لەبەرهەندێ هۆکار وشە ئینگلیزییەکان بەکاردەهێنرێن، لەوانە هۆکاری، چاولێکەری و خۆدەرخستن.

٥. بەشێک لە زماناسان و ڕۆشنبیرانی کورد لەبوارە جیاجیاکانی مەعریفەدا پەنا بۆ وشە و زاراوی ئینگلیزی دەبەن و دەهێننە ناو زمانی کوردی، وەکو زاراوەی (میتۆد)، بەمەبەستی خۆ دوورخستنەوە لە نەپێکانی واتا و چەمکیی زانستیانەی ئەو دیاردانە لەڕێی وشە و زاراوە کوردییەکانەوە.

## پەراوێزەکان

[1] پ.ی. سلام ناوخۆش، نەریمان عبدوڵلا ، ئیدریس عبدوڵلا (2009)، کوردۆلۆجی، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، لا 41

[1] قورئانی پیرۆز، سورەتی الحجرات ایە 13

[1] قورئانی پیرۆز، سورەتی الروم ، ایە 22

[1] د. کامل حسن بەسیر(2013) بەراوردکارییەك لە نێوان زمانی کوردی و زمانی عەرەبیدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر لا 27

[1] Mohammad Abedltif Al Btoush (2014) English Loanwords in Colloquial Jordanian Arabic, p 110

[1] پ.ی. سلام ناوخۆش، نەریمان عبدوڵلا ، ئیدریس عبدوڵلا (2009) کوردۆلۆجی، لا 70

[1] پ.د. فاروق عومەر سدیق (2016) لەدایکبوونی وشە، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، پەنجەرە، ل53.

[1] محمد معروف فتاح (2011) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، لا 65

[1] رۆژان نوری عبدوڵا (2017)، فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی،چاپی یەکەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، لا 143

[1] پ. وریا علی امین، (2004) چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، لا 169

[1] هەمان سەرچاوە ، لا 166

[1] شیلان عوسمان عبدولرەحمان (2009) کارابوونی زمان لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر،لا 71

[1] ئازاد عزیز سلێمان(2014) ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلآحەدین، کۆلێجی پەروەردە، هەولێر، لا 10.

[*] بەشێکی فراوانی (پەرتووکی پیرۆز) بەزمانی یۆنانی کۆن نووسراوەتەوە، زمانی یۆنانی کۆن یان (لاتینی) سەرچاوەی زۆربەی زمانە ئەورپییەکانە، بەزمانی ئینگلیزیشەوە.

[1] پ.د. فاروق عومەر سدیق (2016) لەدایکبوونی وشە، لا 57

[1] ئازاد عزیزسلێمان(2014) ململانێی زمان، لا 30

[1] دارا حمید محمد 2013 ، زمان و تەکنۆلۆجیاي زانیاري ، گۆڤاري زانکۆي راپەڕین ژ 1 ، ل 111-112

[1] ئازاد عزیزسلێمان (2014) ململانێی زمان ، لا 28

[1] د. شەهاب شێخ تەیب تاهیر (2012) بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، لا 291

[1] رۆژان نوری عبدوڵا (2007) فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، چاپی یەکەم ، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی ،لا 153

[1] علي عبدالواحد الوافي ، 2004 ، علم اللغة ، الطبعة التاسعة ، مطبعة النهضة ، مصر، القاهرة ، ص 281

[1] ڕێژنە مەعروف حوسێن ، ٢٠١٤ ، ڕۆڵی شێوەزارە کۆمەڵایەتییەکان لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردیدا ، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، کۆلێژی زمان. لا 5

[1] علي عبدالواحد الوافي ، 2004 ، علم اللغة ، ص ٢٤٨

[1] ساکار ئەنوەر حمید (2009) وشە خواستن لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێجی پەروەردە، لا 66

[1] Azeez, R.A. and Awla, H.A. (2015) 'A Survey on Loanwords from English to Kurdish', International Journal of Kurdish Studies, 2(1) p14

[1] د. شەهاب شێخ تەیب تاهیر (2012) بنەما و پێکهاتەکانی زاراوە لەزمانی کوردیدا، لا 294

[1] FATIHA HANANI(2009) IMPACT OF ENGLISH ON YOUNG ARABS' USE OF ARABIC IN THE UAE, ,p 16

[1] Mohammad Abedltif Al Btoush (2014) English Loanwords in Colloquial Jordanian Arabic, , p4 (112)

[1] د. كمال محمد جاه الله و امبارك محمد عبدالمولا ، 2007 ، ظاهرة الاقتراض بين اللغات الالفاض العربية في لغة الفور نموذجا، دار جامعة افريقيا العالمية ، ص 6

[1] Pei, Mario (1966): Glossary of Linguistics Termoinology , New York , p 30

[1] Robins, R.H. (1964) General Linguistics: An Introductory Survey. Hong Kong: Longman. p323

[1] كامل حسن بصير(2013)، بەراوردكارييەك لە نێوان زمانی كوردی و زمانی عەرەبی، چاپی دووەم، چاپخانە هێڤی، هەلێر، ل 27

[1] د. مصطفى زكي حسن التوني ، 1993 ، علل التغير اللغوي ، حوليات كلية الأداب ، العدد 13 ، جامعة الكويت ، ص 55

[1] علي عبدالواحد الوافي ، 2004 ، علم اللغة ، ص 280.

[1] سكار ئەنوەر حميد (2009) وشە خواستن لە زمانی كورديدا، ل43.

[1] پ.د. عيزەدين مستەفا ڕەسولأ (2005) بۆ زمان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، لا 9.

[1] پ.د. محەمەدی مەحويی (2016) مەنامە ، چاپی يەكەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، لا 60

[1] علي عبدالواحد الوافي ، 2004 ، علم اللغة ، ص 281

[1] د. رفيق محمد شوانی (2008) ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگيرێن، چاپخانەی خانی، دهۆك، 135

[1] د. كمال محمد جاه الله و امبارك محمد عبدالمولا ، 2007 ، ظاهرة الاقتراض بين اللغات الالفاض العربية في لغة الفور نموذجا ، ص 14

[1] المصدر نفسة ، ص 6

[1] پ.د. محەمەدی مەحويی (2016) مەنامە لا 61

[1] د. كمال محمد جاه الله و امبارك محمد عبدالمولا ، 2007 ، ظاهرة الاقتراض بين اللغات الالفاض العربية في لغة الفور نموذجا ، ص 6

## سەرچاوەكان


١. قورئانی پيرۆز.

سەرچاوەی كوردی

يەكەم كتێب:

٢. پ. وريا علی امين، (2004) چەند ئاسۆيەكی تری زمانەوانی، بەرگی يەكەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٣. د. كامل حسن بەسير(2013) بەراوردكارييەك لە نێوان زمانی كوردی وزمانی عەرەبيدا، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٤. پ.د. محەمەدی مەحويی (2016) مەنامە ، چاپی يەكەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.

٥. پ. محمد معروف فتاح (2011) زمانەوانی، چاپی سێيەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦. پ.ی. سلام ناوخۆش، نەريمان عبدوڵلا ، ئيدريس عبدوڵلا (2009)، كوردۆلۆجی، چاپی يەكەم، چاپخانەی منارە، هەولێر

٧. پ.د. عيزەدين مستەفا ڕەسولأ (2005)، بۆ زمان ، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.

٨. پ.د. فاروق عومەر سديق (2016) ، لەدايكبوونی وشە ، چاپی دووەم، چاپخانەی تاران، پەنجەرە.

٩. د. رفيق محمد شوانی (2008) ئەووشانەی لە چاوگەوە وەردەگيرێن، چاپخانەی خانی، دهۆك .

١٠. رۆژان نوری عبدوڵلا (2017)، فەرهەنگی زمان وزاراوەسازی كوردی،چاپی يەكەم، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.

11. ڕێژنە مەعروف حوسێن ، ٢٠١٤ ، ڕۆڵی شێوەزارە كۆمەڵايەتييەكان لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی كورديدا، نامەی ماستەر، زانكۆی كۆيە، كۆلێژی زمان.

12. د. شەهاب شێخ تەيب تاهير (2012) بنەما و پێكهاتەكانی زاراوە لەزمانی كورديدا، چاپخانەی كەمال، سلێمانی.

13. شيلان عوسمان عبدولرەحمان (2009) كارابوونی زمان لەپەيوەندييە كۆمەڵايەتييەكاندا، چاپی يەكەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

**دووەم/ نامەی ئەكاديمی:**

١. ئازاد عزيزسلێمان(2014) ململانێی زمان، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدين، كۆلێجی پەروەردە، هەولێر.

٢. ساكار ئەنوەر حميد (2009) وشە خواستن لە زمانی كورديدا، نامەی ماستەر، زانكۆی سەلاحەدين، كۆلێجی پەروەردە.

**سێيەم/ گۆڤار**

١. د. دارا حميد محمد 2013 ،زمان وتەكنۆلۆجيای زانياری ، گۆڤاری زانكۆی ڕاپەرين ژ 1

**سەرچاوەی عەرەبی**

**يەكەم/ كتێب:**

١ . د. كمال محمد جاه الله و امبارك محمد عبدالمولا ، 2007 ، ظاهرة الاقتراض بين اللغات الالفاض العربية في لغة الفور نموذجا، دار جامعة افريقيا العالمية.

٢ . علي عبدالواحد الوافي ، 2004 ، علم اللغة ، الطبعة التاسعة ، مطبعة النهضة ، مصر ، القاهرة.

**دووەم/ گۆڤار**

١. د. مصطفى زكي حسن التوني ، 1993 ، علل التغير اللغوي ، حوليات كلية الأداب ، العدد 13 ، جامعة الكويت.

**سەرچاوەی ئينگليزی:**

**يەكەم/ كتێب:**

1. Fatiha Hanani, 2009, impact of english on young arabs, use of arabic in the UAE.

2. Pei, Mario (1966): Glossary of Linguistics Termoinology , New York

3. Robins, R.H. (1964) General Linguistics: An Introductory Survey. Hong Kong: Longman.

**دووەم/ گۆڤار**

1. Azeez, R.A. and Awla, H.A. (2015) 'A Survey on Loanwords from English to Kurdish', International Journal of Kurdish Studies, 2(1)

2. Mohammad Abedltif Al Btoush (2014) English Loanwords in Colloquial Jordanian Arabic